بەندەیەک تاوانێکی کرد، و ووتی: ئەی پەروەردگار لە تاوانەکەم خۆش بە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە-ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بەندەیەک تاوانێکی کرد، و ووتی: ئەی پەروەردگار لە تاوانەکەم خۆش بە، خوای گەورەی بەرز وپیرۆز فەرمووی: «بەندەکەم تاوانێکی کرد وزانی کە پەروەردگارێکی هەیە کە لە تاوان خۆش دەبێت وسزا دەدات لە سەر تاوان»، پاشان -بەندەکە- جارێکی تر تاوانی کرد، ووتی: ئەی پەروەردگار لە تاوانەکەم خۆش بە، خوای گەورەی بەرز وپیرۆز فەرمووی: «بەندەکەم تاوانێکی کرد وزانی کە پەروەردگارێکی هەیە کە لە تاوان خۆش دەبێت وسزا دەدات لە سەر تاوان»، پاشان -بەندەکە- جارێکی تر تاوانی کرد، ووتی: ئەی پەروەردگار لە تاوانەکەم خۆش بە، خوای گەورەی بەرز وپیرۆز فەرمووی: «بەندەکەم تاوانێکی کرد وزانی کە پەروەردگارێکی هەیە کە لە تاوان خۆش دەبێت وسزا دەدات لە سەر تاوان، هەرچییەکت دەوێت بیکە ؛ من لێت خۆشبووم».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆمان دەگێڕێتەوە لە پەروەردگاریەوە کە بەندەیەک تاوانێکی کرد، و ووتی: ئەی پەروەردگار لە تاوانەکەم خۆش بە، خوای گەورەی بەرز وپیرۆز فەرمووی: بەندەکەم تاوانێکی کرد وزانی کە پەروەردگارێکی هەیە کە لە تاوان خۆش دەبێت وبەندە دادەپۆشێت، یان سزای دەدات لە سەر تاوانەکە، ئەوا من لەو بەندەیەم خۆشبووم. پاشان -بەندەکە- جارێکی تر تاوانی کرد، ووتی: ئەی پەروەردگار لە تاوانەکەم خۆش بە، خوای گەورەی بەرز وپیرۆز فەرمووی: بەندەکەم تاوانێکی کرد وزانی کە پەروەردگارێکی هەیە کە لە تاوان خۆش دەبێت وبەندە دادەپۆشێت، یان سزای دەدات لە سەر تاوانەکە، ئەوا من لەو بەندەیەم خۆشبووم. پاشان -بەندەکە- جارێکی تر تاوانی کرد، ووتی: ئەی پەروەردگار لە تاوانەکەم خۆش بە، خوای گەورەی بەرز وپیرۆز فەرمووی: بەندەکەم تاوانێکی کرد وزانی کە پەروەردگارێکی هەیە کە لە تاوان خۆش دەبێت وبەندە دادەپۆشێت، یان سزای دەدات لە سەر تاوانەکە، ئەوا من لەو بەندەیەم خۆشبووم، هەرچیەکی دەوێت با بیکات هەتا ئەو کاتەی بەردەوامە لەسەر تەوبەکردن وپەشیمانی وپێداگیری لەسەر نەگەڕانەوە بۆ تاوانەکە ؛ بەڵام بەهۆی لاوازی نەفسی دیسانەوە تووشی دەبێت، ئەگەر بەردەوام بوو لەسەر ئەم حاڵەتە ودەستبەجێ تەوبەی کرد وداوای لێخۆشبوونی کرد، ئەوا منیش لێی خۆش دەبم، وتەوبەکردن دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی هەمو تاوانەکانی پێشوو.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4817